# قوتابیان داواکارن لە حکومەتی نوێ سیستەمی خوێندن و پەروەردە و راهێنان کاراتر بکات



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**خێزان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا باوان هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی منداڵانی بخاتە بەر خوێندن و بە چرای زانست شەوەزەنگی بەردەمیان ڕووناک بکاتەوە. لە زۆربەی وڵاتانی دنیاشدا دەسەڵاتی حوکمڕان پرۆژەی تایبەتی بۆ سیستەمی پەروەردە هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانەش کە لەو بوارەدا تووشی قەیرانی جیاواز بوون، ژمارەیان کەم نییە و هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو وڵاتانە، بۆیە قوتابیان و خێزانەکانیان خوازیارن لە ئەجندای کابینەی نوێی حکومەتدا پرسی پەروەردە و کێشەکانی قوتابیان بە وردی تاوتوێ بکرێ، بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردە لە فێرکاری و ڕاهێنان و پەروەردەی قوتابیدا کاراتر بکرێ و بەسەر ئاریشە جۆراوجۆرەکانیاندا زاڵ بێت.**

### قوتابخانەکانی کەرتی گشتی نەیانتوانیوە پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن هاوسەنگ بکەن

«کچەکەم لە دایەنگەی حکوومی بوو، گەرچی وەك پێویست نەبوو، بەڵام کێشەمان نەبوو، ئاگاداری بوون. کاتێك لە باخچەی منداڵانی تایبەت ناونووسم کرد، پێش ئەوەی کتێبەکانی پێبدەن، جانتام بۆ کڕیبوو، بەڵام کە کتێبیان پێدا بە هیچ شێوەیەك لە ناو جانتاکەی جێی نەدەبووەوە، ناچار جانتای گەورەترمان بۆ کڕی، جا ئەوە حاڵی تایبەتەکان بێت، ئاخۆ حکومییەکان چۆنە؟ منداڵ هەموو پشتی چەماوەتەوە لە ژێر باری قورسی کتێبەکانی ناو جانتاکەی». ئەوە قسەی نەرمین عەلی بوو. ئەو ئافرەتێکی فەرمانبەرە و وەك خۆی باسیکرد دایکی سێ منداڵە. کە دوو کوڕی قوتابی قۆناغی سەرەتایین و کچەکەشی لە باخچەی منداڵانە. نەرمین ڕەخنەیەکی توند لە جیاکارییەکانی ناوەندەکانی خوێندنی کەرتی گشتی و تایبەت دەگرێت، پێوایە کە «قوتابخانەی کەرتی گشتی بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەیەکی کەرتی تایبەت، زەوی و ئاسمانیان فەرقە، قوتابخانەکانی حکوومی جگە لەوەی تەنیا بۆ نمرە و دەرچوون هانی قوتابی دەدەن، بەڵام هاوسەنگی لەنێوان پەروەردە و خوێندن نییە، بەو سارد و سەرمایە زۆر جار بێ کارەبا دەبن و منداڵمان بەتانی لەگەڵ خۆیان بۆ قوتابخانە دەبەن». هاوکات هیوادارە حکومەتی نوێی کوردستان گرنگی زیاتر بە پرسی پەروەردە و کێشەکانی قوتابیان بدات.

**گرنگە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەرگەیان بۆ وەرگرتنی هەموو ڕەخنە و پێشنیارێک کراوە بێت**

### فیدراسیۆنی قوتابی و خوێندکاران کەمتەرخەمییان کردووە

سلێمان موحسین تاهیر ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن، سەبارەت بە ڕۆڵی فیدراسیۆنەکانی قوتابیان و خوێندکاران ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان وەك یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەندین پرۆژەیان بۆ برەودان بە تواناکانی قوتابیان و لاوان ئامادە کردووە، یەکێتیش لەو هەنگاوانەی کە هەمیشە یەکێتی قوتابیان کاری لەسەر کردووە، بەهێزکردنی تواناکانی ئاستی زانستی قوتابیان بووە، گوتیشی: «ئێمە بۆ بەهێزکردنی قوتابیان لە گشت بەشەکان و لە هەموو بوارەکاندا چەندین پرسی گرنگمان ئەنجامداوە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنتاکمان لەگەڵ زۆربەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە پرسی لاوانە دروستکردووە، بەتایبەت وەزارەتی پەروەردە کە زۆرترین کاری هاوبەشمان پێکەوە ئەنجام داوە بۆ پێشخستنی ئەو پرسە هەمیشە کۆنتاکتی باشمان لەگەڵ ئەو وەزارەتەدا هەبووە، هەمیشە کارمان بۆ ئەوە کردووە کە کێشەو گیروگرفتەکانی قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ئەو وەزاتەوە چارەسەر بکەین» .

**کەموکورتیی قوتابخانەکان زۆرە لە زستاندا قوتابیان سەرمایان دەبێت و کە گەرماش هات گەرمایان دەبێت**

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکاران بە «کەمتەرخەم» لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: «فیدراسیۆنی قوتابی و خوێندکارییەکان زۆرجار پرۆگرام و هەندێك بابەتەوە وەك



پێویست ڕۆڵی خۆیان نەبینیوەو کەمتەرخەمییان کردووە، بەڵام هەمیشە یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەوڵی داوە کە ئەو کەموکورتییانە پڕبکاتەوە». زیاتر گوتی «زۆر پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرەوپێشبردنی تواناکانی قوتابیان ببینێت، بەڵام هەست بەوە ناکرێت، بەڵکو دەتوانم بڵێم وەزارتی خوێندنی باڵا بەرامبەر بە قوتابیان زۆر کەمتەرخەمە ئەمەش بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت. ئێمە وەك یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی قوتابیان چەند جار هەوڵمانداوە وەزیری خوێندنی باڵا ببینین، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەمانبینیوە، ئیتر لەم حاڵەتەدا چۆن بتوانین کێشەی قوتابیان لە سنووری وەزارەتێکدا چارەسەر بکەین. هەروەها ئێمە تێبینیمان لەسەر پرسی ناردنە دەرەوەی قوتابیان هەیە کە بە پڕوژەی تواناسازی ناوی دەرکردووە، چونکە پرسەکە بەخێرایی ئەنجام دراو پلانەکەی توکمە نەبوو، هەر بۆیەش تاوەکو ئێستا قوتابیان بە دەستی ئەوە دەناڵێنن. زانکۆ ئەهلییەکان هەندێکیان تەنها بو بازرگانی کراونەتەوەو لەڕووی پێداویستی زانستییەوە ستاندارد نین، ئەمانە و چەندین گرفتی دی کێشەیان بۆ قوتابیان بەگشتی دروست کردووە. ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرگای کراوە نەبێت کە ئێمە ئەم گرفتانەی لەگەڵ باس بکەین، چۆن دەگەینە چارەسەرییەکی گونجاو، بۆیە هەر بەو شێوەیە بڕوات، ئێمە ناچارین پەنا بۆ هەندیك ڕێگەی دیکە ببەین».

## هەر لەسەرەتاوە پرۆگرامی تواناسازی بە ئیفلیجی و جیاکاری دەستی پێکرد

پسپۆڕی کارگێڕی هێرش محەممەد، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دەگوترێ لەم هەرێمەدا لاوان لەڕووی کارگێڕییەوە پشتگوێ خراون، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشی گوتی: «بەشێکی زۆر لە لاوان لە پۆست و پایە ئیدارییەکانی ئەم هەرێمەدا پۆست و پلەی کارگێڕی گرنگیان هەیە، بەڵام ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە کە لاوی کورد بە هەموو ئاواتەکانی گەیشتووە».

هێرش محەممەد سەبارەت بە پرسی پەروەردە و گرفتەکانی قوتابیان، ڕایوایە سیستەمی پەروەردە لە بناغەوە تا خوێندنی باڵا ئامانجەکانی بۆ گەشەی زانست و پەروەردەی زانا نەپێکاوە، تەنانەت بۆ وشیارکردنەوەی قوتابی و لاوانیش ئەوەندە کاریان نەکردووە کە بتوانن لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان مامەڵەی دروست بکەن، بۆیە بەشێکی زۆر لە گەنجان تووشی حاڵەتێك بوون کە هەموو شتێك ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەنجان هەمیشە گلەییان لەحکومەت هەیە».

ئەو پسپۆڕە کارگێڕییە ڕەخنەی لە پرۆگرامی تواناسازی هەیە و دەڵێت: «بێگومان پرۆگرامی تواناسازی لەهەموو ڕووەکانەوە پڕبوو لە هەڵە، هەر لەسەرەتاوە پرۆگرامی تواناسازی بەئیفلیجی دەستی پێکرد، جیاوازی لەنێوان قوتابیاندا دروستکرد، گەنجێك بە واستەکاری دەچووە زانکۆکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەیخوێند، لەبەرامبەردا گەنجی بێ واستە دەچێت لە بازاڕ شت دەفرۆشێت، هیوادارم کابینەی هەشتەم بەهیچ شێوەیەك ئەو هەڵانە دووبارە نەکاتەوە».

## گرنگە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەرگەیان بۆ وەرگرتنی هەموو رەخنە و پێشنیارێك کراوە بێت

توێژەری کۆمەڵایەتی هاوکار ڕەحمان، هەمان ڕای هەیە و باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی گەنجان گلەییان لەنەبوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانیان هەیە، گوتیشی: «ساڵانە وەزارەتی خوێندی باڵا بە ملیار دۆلار بەناوی تواناسازی لاوان خەرجدەکات، بەڵام ئەوە چ ئەنجامێکی بووە؟ یان وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە ساڵانە بودجەیەکی زەبەلاحی هەیە و بەناوی سەدان پڕۆژەی گەنجانەوە خەرجی دەکات، کەچی هیچ ئەنجامێکی دیار نییە».

هاوکار ڕەحمان جەختی لەوە کردەوە کە «پێویستە حکومەت و ڕێکخراوەکانی مەدەنی زیاتر خولی شیاندن و راهێنان بۆ گەنجان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خزمەتی خۆیان و گەشەی زانستی لە کۆمەڵگەکەیان بکەن».

لە کۆتاییدا ئەو توێژەرە هیوای خواست، کابینەی نوێی حکومەت هەڵسەنگاندێکی تەواو بۆ وەزارەتەکان بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت کە چ وەزارەتێك توانیویەتی کاری خۆی بە جددی بکات، هەروەها وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێویستە بە کەسانی زانا و پسپۆر و دڵسۆز و خاوەن پڕۆژەی پەروەردەیی بسپێرن کە دەرگەی بۆ وەرگرتنی هەموو رەخنە و پێشنیارێك کراوە بێت.



**پرۆگرامی تواناسازی هەر لەسەرەتاوە بەئیفلیجی دەستی پێکرد، چونکە جیاوازی لەنێوان قوتابیاندا دروستکرد، گەنجێک بە واستەکاری دەچووە زانکۆکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەیخوێند، لەبەرامبەردا گەنجی بێ واستە دەچوو لە بازاڕ شتی دەفرۆشت**

**بۆ بەهێزکردنی قوتابیان لەگشت بەشەکان و لەهەموو بوارەکاندا چەندین پرسی گرنگمان ئەنجامداوە بۆ ئەو مەبەستەش کۆنتاکمان لەگەڵ زۆربەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە پرسی لاوانە دروستکردووە**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



# ژینگەی سیاسیی چالاک بۆ پەرەپێدان و کاراکردنی توانای خانمان

زۆربـــەی بیرمەنـــدان و چالاکانی بـــواری مافی مرۆڤ جگە لە هەوڵەکانیان بۆ نەهێشـــتنی جیاوازیی ڕەگـــەزی، ئاوڕێکی بەرچاویش لە تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان دەدەنەوەو بە پێویســـتی دەزانن گۆڕەپانی سیاســـی و کۆمەڵایەتی بۆ کاراکردنی خانمان هەموار بکرێت. بەشداری ئافرەتیش لە کایەی سیاســـی و کۆمەڵایەتی بە هۆکارێکە بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی هۆشـــیار و زیاتر بایەخدان بە چاودێریی تەندروستی و کەمبوونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵ و پتەوکردنی شیرازەی خێزانی دەزانن. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە زۆر توانای ئەرێنی لە کارەکتەری ئافرەتدا خۆی حەشار داوە، کە پێویستە ئەو کارامەییانە ئەکتیف بکرێن.

### ئەرکی حکومەتە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی هەلومەرجی گەشەکردنی سەرچاوەی مرۆیی دابین بکات

«مادام ئافرەت بە نیوەی کۆمەڵ ئەژمار دەکرێت، لە زۆر ڕوانگەوە ئەرکی هاوبەشـی هەیە و پێویستە شانبەشـانی ڕەگەزی نێر لە گۆڕەپانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو لە هەر قۆناغێکدا بەشدار بێت. بێگومان بەشداری ئافرەت لەم دوو بوارەدا کاریگەری ئەرێنی دەخاتەسـەر چۆنیەتی دروستبوون و کەسایەتی نەوەی نوێ، بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا ئەوە ئافرەت خۆیەتی کە خۆی دروستدەکات و هەگبەی ئەزموون و هۆشیاری زانسـتی خۆی بەگشتی و لە بواری کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەتایبەتی سوودمەند دەکات و، ئەزموونە وەرگراوەکەی کارادەکات و هەوڵی گواسـتنەوەی بەسوودی بۆ نەوەی نوێ دەدات». ئەوە دەستپێکی قسەکانی گوڵاڵە پشدەری بوو. ئەو پەرستار و چالاکی مەدەنییـە و سـاڵانێکە لە بورای تەندروسـتی و مافی مرۆڤدا چالاکانـە کاردەکات. جەختیش لەوە دەکاتـەوە کە «نەوەی نوێ نەمامەکانی گەلن و پرۆسـەی تواناسـازی ئەوان بە شێوەیەکی تەندروست لە بناغەوە کە خێزانە دەستپێدەکات، لە خێزانیشدا دایك ڕۆڵی سـەرەکی لە پەروەردەی منداڵدا هەیە، چونکە تەنانەت لە باوکیش نزیکترە لە منداڵەکەی، بۆیە زۆر پێویسـتە حکومەت و سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بایەخی زۆر جددی بە پەروەردەی منداڵ و وشیاری خێزانی بەگشتی و بەشداری ئافرەت بەتایبەتی لە جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بدەن».

ئەو چالاکەی بواری مافی مرۆڤ پێداگری لەسـەر ئەوە دەکات کە «ئەرکی حکومەت و پەرلەمان ئەوەیە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی هەلومەرجـی گەشـەکردن دابین بکات، واتە هەر لە سـاواییەوە چاودێری دایکی دووگیان، کوتان (واکسیناسـیۆن)، هۆشیاری چۆنیەتـی بەخێوکردنی منـداڵ، چاودێری هەبوونی سـەرجەم پێداویسـتییەکانی جەسـتەیی و دەروونی دایك و منداڵەکەی بە شـێوەیەکی گشتی بکات و پێداویستی سـەرەتاییەکان بۆ دابین بکات». گوتیشـی: «ئەگەر سیستەمی پەروەردە و تەندروستی بەوێکڕایی و بە شێوەی دروستی خۆی بەڕێوەبچن، ئەوە بەدڵنیاییەوە ڕێژەی کۆچکردنی منداڵانیش دەدابەزێت. ئەم سیستەمانەش جگە لەوەی بە هاوکاری خودی ئافرەت جێبەجێدەکرێت، پرۆژە و یاسای تایبەتی پەرلەمانی و حکوومی پێویسـتە، چونکە ئەوە سیاسەتە کە یاسا دادەنێت و دەستنیشانی دەکات کە دانیشتووانی ئەم وڵاتە چۆن بژیـن و ئەرك و مافەکانیان بە چ شـێوەیەك بێت. ئەگەر ئافرەت خۆی ڕۆڵی هەبێت لەم پرۆسەیەدا، بێگومان دەتوانێت بە ئەزموون و زانسـتی خۆی لە دروستکردنی نەوەیەکی هۆشیار بۆ کۆمەڵگە کارا و بەسوود بێت و داهاتوویەکی بەختەوەر و گەش بۆ خێزان و کۆمەڵگەی خۆی مسۆگەر بکات».

### حزبەکان بڕوایان بە یەکسانی نێر و مێ نییە

نووسـەر و چالاکی مەدەنی گۆنا سـەعید، ڕای جیاوازی هەیە و پێداگری لەسـەر ئەوە دەکات کە «ئـەو ئافرەتانەی لەڕێگەی حزبەکانـەوە دەچنە نێو پەرلەمان و حکومەت لەسـەر ڕەوشـی پێشـکەوتنی ژنان کاریگەرییان نابێت، چونکـە ئەوان هەڵگری بەرنامەی حزب و نەریتی نێرسالار نین، گوتیشی: «مەسەلەکەش بە بڕوای من هۆی ئەوە نییە کە خۆیان کەسانی باش نەبن، بەڵکو هۆی ئەوەیە کە ژنانی حزبی بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای حزب و سیاسـەتێکی دیاریکراو دەچنە پەرلەمان و حکومەت، حزبەکانیش بڕوایان بە نەهێشـتنی جیاوازیی ڕەگەزی نییە، تا بەرنامەی بۆ دابنێن».

### حکومەت و پەرلەمان داتا و ئاماری بۆ ئافرەتانی گوند و شارۆچکەکان نییە

نووسەر و چاودێری سیاسی نەبەز جۆلا، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێمـا بۆ ئـەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردسـتاندا زۆرینەی ئەو ڕۆڵ و پۆسـتانەی بە ئافرەت دراون، تەنها رووکەشـە و بۆ جوانکارییـە»، هەروەها دەڵێت: «لە نـاو حزبەکاندا ڕێژەیەکی بەرچـاو ئافرەت هەیە و تەنانەت لە سـەرکردایەتیش هەن، بەڵام لەسەر ئاسـتی مەکتەبی سیاسیدا بەشـداریان لە دروستکردنی بڕیاردا پێناکرێت، لە ئاستی وەزارەتەکانیش ئەو پۆستانەی ئافرەتان هەیانە زیاتر خزمەتگوزارییە و پۆستی سیادییان نییە».

نەبـەز جۆلا بە تونـدی ڕەخنە لەم دیاردەیـە دەگرێت و دەڵێت: «پاڵپشتی گرنگ و جددی بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەتان لە کاری سیاسـیدا نییە، تەنانەت ئافرەتان لە هەر پلەو پۆستێکدا بن، زۆر جار لەلایـەن پیاوانەوە (تحرش)یان پێدەکرێ، بەڵام بێدەنگ دەبن و بەنهێنی دەیهێڵنەوە، بۆیە تائێستا وەك دیاردەیەك بە روونی دەر نەکەوتووە».

بـە بڕوای ئـەو چاودێرە «کۆمەڵێـك دەزگا هـەن، بە ناوی شـەڵتەرەکان کە ئەرکی ئەم دەزگایانە چارەسـەرکردنی کێشەی ئافرەتانە، بەڵام لەناو کۆمەڵگەدا وەك دەزگایەکی باش تەماشـا ناکرێن، حکومەتیش تاکو ئێسـتا نەیتوانیوە پیرۆزیی ئەرکی ئەو دەزگەیانـە بخاتـەڕوو، لەلایەکی دیکەوە ئـەو ئافرەتانەی روو دەکەنە شـەڵتەرەکان، مەرج نییە کێشەی شەرەفیان هەبێت، بەڵکو زۆر کێشـە هەیە کە هەڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پیاو، کەچی ئافرەتەکـە باجەکـەی دەدات، هەروەها کارکردن لەسـەر مافی ئافرەت و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە زیاتر لە شارو شارۆچکەکاندا گرنکـی پێدەدرێـت و نەگەیشـتووەتە گوند و شـارەدێکان و دەسـەڵات ئاگای لە داتاکانی ئەو ناوچانە نییە، گوتیشی: «لە کۆمەڵگـەی ئێمەدا ئافرەت لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە پاڵەپەستۆیەکی زۆری لەسەرە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی توانای پەروەردەی تەندروستی منداڵی خۆی وەك نەوەی بەتوانای داوڕۆژ نەبێت، هەروەها ئافرەتانی پاشـماوەی قوربانیانی ئەنفال کارێکی ئەوتۆیـان بۆ نەکراوە، ئەوەی کراوە، کاری ماددی بووە، لەڕووی مەعنەوییـەوە کار نەکراوە بۆ گەڕاندنەوەیـان بۆ ناو کۆمەڵگە، زۆربەی ئـەو کارانەش بە پارە ناکرێت، بەڵکو دەبێت پسـپۆری شارەزا کار لەسـەر دروستکردنەوەی کەسایەتییان بکات، یان زۆر جار قسـەدەکرێت لەسـەر هێنانە پێشـەوەی لاوان بۆ نێو کایەی سیاسـی و دەسەڵات، بەڵام زیاتر گرنگی بەلاوانی ڕەگەزی نێر دەدرێت، وەك بڵێی لاوبوون شموولی ڕەگەزی مێ ناکات، ئەمانە وایکردووە ئافرەتان هەمیشـە خزمەت بە ئامانجەکانی ڕەگەزی نێر بکەن و خۆیان پەراوێز بخەن، هەمیشـە لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو ئافرەتێکی ئازا و ژیر هەبووە، بەڵام بەدەگمەن لە پشت ئافرەتێکی سەرکەوتوو پیاوێك هەبووە» .

میدیاکار و چالاکی مەدەنی تانیا جەمال، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە یەکێك لە پەیوەندییە بەهێز و پیرۆزەکان کە تا ئێسـتا بایەخی خۆی لەدەسـت نەداوە، پەیوەندی نێوان دایك و منداڵە، منداڵیش بە ڕەچاوکردنی پەروەردەی دروست و زانستی لە بناغەی ژیانیەوە گەشـە دەکات کە دایك لەو بوارەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بۆیە

**نەبەز جۆلا:**

**لە ناو هەموو حزبەکاندا بە دەسەڵات ڕێژەیەکی باش ئافرەت هەیە تەنانەت لە سەرکردایەتیش هەن، بەڵام لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا ڕەنگدانەوەیان نییە**

**گۆنا سەعید:**

**ژنانی ناو حزبە سیاسییەکان کە دەچنە ناو پەرلەمان بەرنامەی حزبەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و نەریتی پیاوسالاریش لەناو حزبەکاندا زاڵەو بڕوایان بە یەکسانی ڕەگەزی نییە**

**تانیا جەمال:**

**هەردوو ڕەگەز لە هەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بن پێویستە بەشێکی تواناو کارەکانیان بۆ باشترکردنی ڕەوشی منداڵان تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی نەوەیەکی بەتوانامان هەبێت و کۆمەڵگەکەمان لە دواکەوتن ڕزگاری بێت**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**کارزان نالی:**

**تەنها ١٠ ساڵ پێش ئێستا زۆربەی ئافرەتان لەو دیو دیواری ماڵەکان و لە ناو خانووەکاندا خۆیان گیرۆدە کردبوو، بگرە سەردانی بازاڕ و کاروباری ڕۆژانەشیان وەک ئافرەتانی ئێستا نەبوو**

بە هەردوو ڕەگەز و لە هەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بن، پێویستە بەشێکی تواناو کارەکان بۆ باشترکردنی ڕەوشی منداڵان تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی نەوەیەکی بەتوانامان هەبێت و کۆمەڵگەکەمان لە دواکەوتن ڕزگاری بێت».

تانیا جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کاراکردنی ئافرەتان هەموار بکرێت، تاوەکو بتوانێت لە گشت جومگەکانی ژیان شانبەشانی پیاوان هەم کار بکات و هەم خاوەن بڕیار بێت

**نابێت ڕۆڵی سەرۆکی حکومەت و هەوڵەکانی بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتان لەبەرچاو نەگرین**

کارزان نالی بەڕێوەبەری قوتابخانەی (بەردەنازی بنەڕەتی تێکەڵاو)ـە لە حاجی ئۆمەران، ئەو ڕایوایە «زیادبوونی ڕێژەی ئافرەتان لە نێو دامودەزگە و ڕێکخراوە پیشەییەکان نیشانەی گۆڕانکاری ئەرێنی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیە». نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە گەر ساڵانی نەوەدەکان لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەین، دەبینین گۆڕانکاری زۆر ڕوویداوە، تا دە ساڵی ڕابردووش ئافرەتان زۆربەیان لەو دیو دیواری ماڵەکان و لە ناو خانووەکاندا خۆیان گیرۆدە کردبوو، بگرە سەردانی بازاڕ و کاروباری ڕۆژانەشیان وەك ئافرەتانی ئێستا نەبوو، بەڵام بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و تێکەڵبوونی بە کەلتووری وڵاتانی خاوەن ئابووری، بەتایبەت ئەوروپا و وڵاتانی ئیقلیمی و گەڕانەوەی کوردانی تاراوگە و هۆکارەکانی میدیا و ڕاگەیاندن بە سەتەلایت و لۆکاڵەوە، دامەزراندن و بەشداری ئافرەتان لە دەزگاکانی میری و کەرتی تایبەتیش زۆر زیاتر بووە».

کارزان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «دەستنیشانکردنی ٣٠٪ بۆ ئافرەتان وەك مەرجێك بۆ پاڵێوراوی لایەنەکان لە هەڵبژاردن هەنگاوێکی گەورە بوو کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتان هەم لەڕووی سایکۆلۆژی و هەم لەڕووی پەروەردەیی دووربینیی زیاتریان بۆ ئاسۆی نەوەکانی دوارۆژ هەبێت»، ئەوەشی بە «گۆڕانێك و وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان» هەژمار کرد، گوتیشی: «پێویستە بیرمان نەچێت گرنکیدانی سەرۆکی حکومەت بە پرسی ئافرەت و هەوڵدانی بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتان لە کۆمەڵگە نابێت لەبەرچاو نەگرین».